# «من «جگەر»ی مامە عەبەم


نوسینی :ج . د . راتکلیف
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : ماهر وسمان قادر

**تێبینی**

**١ ــ ئەمــەی دەیخوێننەوە بەشی یەکەمــە لە زنجیرە وتارێك کە بە شێوەیەکی تایبەتی باس لە ئەندامەکانی لەش دەکاو ئێمــەش بــۆ لــەمــەودوا هــەر جــارەو بــەشــێکی لێ‌بلاودەکەینەوە .**

**٢ ــ ناوەکە لە دەقە ئینگلیزی‌یەکــەدا (جۆن)ەو بــرای وەرگێڕ وەهــای بە پەسند زانیوە ناوی مامە عەبەی لە جێ دابنێ .**

**« کاروان »**



**مامە عەبە هەر دەم ئاگاداری ددانەکانو پرچو سی‌یەکانو دڵو گەدەی خۆیەتی . هەردەم ئاواتــە خوازە هیچیــان لێ نەقەومێو تووشی نەخۆشی نەبن . خۆ منی هەر لەبیر نی‌یەو ئەگەر جار جارە بیری کەومەوە هیچ ناترسێ شتێکم بەسەر بێ هەروەك من هیچ گرنگ نەبم لەلای ئەو .**

من گەورەترین ئەندامی لەشی مامە عەبەمو کێشم نزیکەی کیلۆیەكو چارەکێکە . لای راستەی سەرووی سنگی مــامە عەبە شوێنی منەو ئێسقانەکانی سنگی پارێزگاریم دەکــەن . لە راستی‌دا گرنگترین ئەندامی لەشی مامە عەبەم . نزیکەی ..٥ کارم زیاتر هەیە لە لەشدا . ئەگەر لەیــەك لەوکارانە دواکەومو توانای بەجێ هێنانیم نەمێنێ ئەوا واچاکە مامە عەبە فاتیحەیەك بۆ رۆحی خۆی بخوێنێو دۆستەکانی تێ‌بگەیێنێ گورێکی بۆ هەلکەنن . خۆ منم کە ماسوولکەکانی بۆ بەهێز دەکەمو گۆشتی بۆ هەرس دەکەمو ئەو ڤیتامینەی بۆ دروست دەکەم کە یاریدەی دەدات بەشەو چاوی ببێنێ .

پێویستە لەسـەر کۆمپانیایەکی کیمیاوی کە کارگەیەکی گەورە دروست بکا تــا بتوانێ ئاسانترین کارەکانی من بەڕێوە ببات. خۆ ئیشە گەورەکانم بەهیچ کارگەیەك بەڕێوە نابردرێن . زیاتر لە هەزار ئەنزیمی جۆراو جۆر دروست دەکەم بۆ بەجێ هێنانی گۆڕانە کیمیاوی یەکانی خۆم . ئەگەر مامە عەبە بــە ئاستەم دەستی خۆی ببڕێ ئەوا خوێنی ناوەستێ تا دەمرێ ئەگەر من یاریدەی نەدەم . ئەگەر من ترشە ئەمینیەکانی لە دوانزە گرێ‌ی ئەوا دروست دەبن نەگوڕم بۆ پرۆتین، ئەوا دیسان مامە عەبە بەرەو مردن دەڕاو . هەر منیشم کە ئەو شتە زیادانەی کە لەش پێویستی پێ نیــــە دەگۆڕم بۆ یۆریاو دەینێرم بۆ گورچیلەکانی . ئەگەر نیکۆتینو کافایینو کحولو دەرمانی هەمە جۆر بچنە ناو دڵو ، دیسان مامە عەبە دەمرێ. بەلام کە دێنە ناو من ئەوا ماددە ژەهراوی‌یەکان دەگۆڕم بــۆ دایۆکسیدی کاربۆنو ئاو .

**کە مامە عەبە زۆر ماندوو دەبێ ماسوولکەکانی گلۆکۆز دەسووتێننو ترشەکی کوشندە فڕێ دەدەنە دەرەوە . بــەلام من ئەو ترشە دەگۆڕم بۆ گلایکۆجینو هەلی دەگرم بۆ کاتی پێویستی . هەروەها ئەگەر گلۆکۆز زۆر کۆبێتــەوە لەنــاو خۆێندا دەیگۆڕم بۆ گلایکوجین بۆ کاتی پێویستی .**

دە ملیۆن لە خرۆکە سوورەکانی خوێن دەمــرن لەهــەر چرکەیەکدا، ئەگەر من سەر لەنوێ خڕۆکە سووری خوێن دروست نەکەم مامە عەبە چی دەکا؟ ئەی ئەگەر زەرداو دروست نەکەمو کاتی نان خواردن بەرەڵلای نەکەم بۆ چەورایی وورد کردن مامە عەبە دەلێ چی؟

هەندێ جار نەخۆشی وام لێ‌دەکا لەسەدا (٨٥)ی خانە ئیش‌کەرەکانم بمرنو هێشتا لەکار ناکەوم . لە راستی‌دا ئەوە رەوشتێکی زۆر چاکی من نیە چونکە مامە عەبە هەست بە نەخۆشیم ناکا تاکو نیوە مردوو نەبم . خۆ ئەگەر پزیشکەکان لەسەدا هەشتام ببڕن هێشتا لەکار ناکەومو لەماوەی چەند مانگێکدا وەك جارانم لێ دێتەوەو گەورە دەبمەوە .